# تەشبیەو وینەپەردازی (فوتوریسم) لە شیعری مەولەوی دا

مصطفی ایخانی‌زادە

مەولەوی لە تەوسیفی سروشتو تەجەسومی جوانیەکانی ئەو، دەستێکی زۆر بالآی هەیە. وردترین تەشبیهات لە شیعری مەولەوی دا دەبیندرێ. چ لە باری سروشتە وە چ لە جوانی ئافرەتو چ وردەکاری یەکانی عیرفانیو ئایینیەوە تەشبیهاتی جوانو نایابو تازە بابەتی کوتوە لە وێنە پەردازی (فوتوریسم)دا ئەووەک وێنەکێشێکی زۆر ماهیر، دیمەنەکانی سروشتو جوانی ئافرەتو جوانو ناحەزییەکانی دیکەی کێشاوەتەوەو زۆر بە سرنج وورد کاری‌یەوە نیشانی خوێنەرانی شیعرەکانی خۆی داوە، لەو بابەتەوە ئەگەر بڵێین لە ئەدەبیاتی کوردیو بگرە فارسیش‌دا وێنەی نیە درۆمان نەکردوە. رەنگە شاخو داخە سەر سەوزو دڵرفێنەکانی هەورامان وەکو کۆسالانو عەودالآنو لێرە وارە جوانەکانی تاوە گۆزوسەر شاتەو شوێنەکانی دیکەی ناوچەی بەهەشت ئاسای هەورامان لەو وێنە پەردازی‌یانەی ئەودا بێ تەئسیر نەبووبن. بەهەر حاڵ باس کردن لە تەشبیهاتو وێنە پەدازی‌یەکانی شیعری مەولەوی ئەو شاعیرە فوتوریستە مەزنە پێویستی بە نووسینی زۆر کتێبو پەرتووکی سەر بە خۆ هەیە ئێمە لێرەدا ئاماژە بۆ دوو پارچە هەڵبەستی جوانو بە نرخی ئەو شاعیرە گەورە دەکەین کە یەکێکیان تەشبیهاتی زۆر جوانی تێدایەو یەکێکیان لە روانگەی وێنە پەردازی‌یەو بێ وێنەیە.

ئەوا دوو پارچە شیعرەکەی مولەوی.

پارچە شیعری یەکەم بەو بۆنەوە هۆندراوەتەوە.

جارێکیان شێخی سراج‌الدین داوای تەزبێح لە مەولەوی دەکاو ئەو لەوە لآمدا ئەو پارچە شیعرەی بۆ دەنێرێ:

جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕ جەگەرد
فەرمات پەی تەزبێح هارەوانەم کەرد
پەری تۆ خاسەن هەر شام تا سەحەر
هەر ژمارەی وەسڵ باڵآی دڵبەر کەر
نەک چون من وزووە هۆناو ئەستە
خەم سیواک، نمای مەینەتان بەستە
نیشتەی گۆشەی تار نماز خانەی دەرد
روونە پای میحراو هەناسان سەرد
وەی وزووو نماووەی سیواکەوە
جەی گۆشەی میحراو مزگی پاکەوە
دانەی مەرجانی هەرس مەهجووری
هۆنیای تای کرژ رشتەکەی دووری
پەی ژمارەی زیکر کزەی ئێش‌و نێش
کافی‌یەن دیدەم تەزبێحم پەی چێش

مانای ئەو شیعرانە ئەوەن: ئەی دۆستەکەی کە هۆی پاک بوونەوەو رووناکی جامی دڵە پڕ لە تۆزەکەی منی، فەرمو بووت بۆ تەزبێح وابۆم رەوانە کردی. تەزبێح هەر بۆ تۆ باشە هەر لە ئێوارەوە هەتا سبەینێ ژمارەی گەیشتن بە باڵآی دڵبەری پێ بکە. نە وەک من کە دەس نوێژم بە خوێناو گرتووە خەم‌و مەینەت سیواکم‌و نوێژی مەینەتم دا بەستوەو لە سووچی تاریکی مزگەوتی دەردا دانیشتووم‌و رووم کردووەتە میحرابی هەناسەی سارد. من بەو جۆرە دەس‌نوێژو سیواک‌و نوێژەوە،

وە لەم سووچە پاکەی میحرابی مزگەوتا، دەنکە دەنکەی فرمێسکی مەرجان رەنگی دووریم کە بە تاڵی کرژی دەزووی هیجران هۆنیومەتەوە، بەسمە بۆ ژمارە کردنی کزەی ئێش‌و دەردی خۆم. ئیدی دیدەکەم تەزبێحم بۆ چیە.

وێنە بو وێنە پەردازی مەولەوی ئەو شیعرانەی خوارەوەن

زووسانەن وەی رەنگ وە گەردوون یاوان
گێجیای لوول گێج کلێلەی کاوان
بەنا باشی بورج بەرزە دیاران
سفید کاری کەرد تاقچەی موغاران
چ شیرین زەرگەر تۆف هەوای سەرد
گۆشوارە جە گۆش نەو نەمامان کەرد
پەی نیگای بالای مەحبووب بێ گەرد
یەخ ئاینە گرت تەم چار شێو ئاوەرد
ئەی مەحبووب خاس، وەی بینای تەمام
مناڵو پەی بەزم ساقی‌و شیشەو جام
ساقی، باک نی‌یەن جە سەردی (دەی) دەی
هەواوەش کەردەن نەشئەی نۆشای مەی
ئاخر سەر مەشقەن پەرێ مەی خواران
واردەی‌و یەردەی‌و یاردەی یاران
چون نە دل شنوی مەزەی مەی داران
بدیە چون وە تۆی لونگی مەو یاران
زوانەکەی سۆز، دەسەکەی ناڵە
بکیا نۆ ریزۆ، رەحمەت، پیاڵە

رەحـــــمەت وەرودی خـــاك رەســـتگاران
پـــیاڵە وە دەم ئـــینتیزاران دا
دیـــرەن، بـــا ئـــێمەیچ نـــەی گـــوزە رەوە
جـــامێ وە دەس نـــێین، دەس‌و ســـەرەوە

مانای ئەم شیعرانە ئەوەیە:

زستانە، بۆ یەوا بەفری باگێژ دراوی لاشانی شاخە بەرزەکان گەیشتۆتە ئاسمان، باش وەستای قەڵای شاخە بەرزەکان کە دەستی قودرەتی خودایە دەرگای ئەشکەوتی سپی کاری کردوە ماشأ الە تۆفی هەوای سارد کە بووە بە زیرنگە روئیش لە گەڵای دارەکانا ئەکاکە وەک کە زێڕ زەرد هەڵگەڕاون،گوارەیەکی چەند جوانی کردە گوێی نەو نەمامەکان مەبەس ئەوەیە چەند جوان گەڵای زەردی بەلق‌و پۆپی درەختەکانا شۆڕ کردەوە.

تۆفی زستان بۆ تەماشا کردنی باڵای ئەو نەونەمامانی گوارە لە گوێ کردوە سەهۆڵی بۆ گرتوە لە باقی ئاوێنەو تەمی بۆ کردووە بە چارشێو. ئەو خۆشە ویستە جوانەو ئەم کۆشکە سپی کراوە هاواریانەو داوای کۆڕی مەی خواردنەوە دەکەن. یەکەم مانگی زستانە کاکەی مەی گێڕ زووکە دەس کەبە مەی گێڕان، ترست نەبێ لە سەرمای زستان، نەشەی مەی خواردنەوەی تاقمەکانی پیش ئێمە هەوای خۆش کردوە. چونکە خواردنەوەی پاشماوەی یارە مەیخوارەکان ئەبێ بە سەرمەشق بۆ ئێمەی تازە مەیخۆر ئەم مەیخۆرانە لە بەر ئەوەی نەشەی مەی هالە دڵیا کنا لە قەبریشا بە توێی کفنی رای ئەبوێرن مادام کە ئەوان مردوون‌و ئێمەیش بەڕێوەین، با زمانی سۆزی خوشەویستی رەحمەت بنێرێ بۆ گۆڕی رزگار بووەکان، و دەستی ناڵە پیالەی مەی برێژیتە دەمی ئەوانەی چاوە روانن. کاکەی مەی‌گیر زووکە با ئیمەش بەم گوزەرەی ژیانداپیاڵە بە دەسمانەوە بگرین. دەستی تەسلیم بوون بنیینە سەر سەرمان‌و خۆمان بدەین بە دەس مەرگەوەو تەسلیمی بین.